

**بەشارەت ئەمین هەمزە**

# حەسیبەی خوشکم بەتەمەن لەهەموومان گەورەترەو تەمەنی هەیەو دایکی حەوت منداڵە کەچی لە بەڵگەنامەکەدا بە تەمەن ٢٠ ساڵ نوسراوە !

ناوی دیمانەکراو : بشارەت ئەمین هەمزە
ناوی دیمانە ساز : عومەر محمەد
رۆژی : ٢٣ ئابی ٢٠١٣
کات :٣:٣٠ی پاش نیوەڕۆ
شوێنی دیمانە : خورماتوو گەرەکی رزگاری ماڵی بەشارەت

پاشئەوەی دیمانەمان لەگەڵ نامیق عەبدوڵا تەواو بوو، ماڵئاویمان لێکردو لەگەرەکە ترسناکەکەیان ( کۆماری) بەخێرایی هاتینە دەرەوەو هەربە ماشێنەکەی من رومان کردە گەرەکی ( رزگاری ) کە ماڵی بەشارەت ئەمین هەمزەی لێ نیشتەجێ بوو، لەرێگا کامەران محمەد جەوهەر دەیویست دڵنیایی ببەخشێتە من کە ئەو گەرەکەی بۆی دەچین زۆر سەلامەتترە لەمەی ئێستا لێی دەردەچین، ترسەکەشمان زیاتر لە جۆرو تابلۆی ئۆتۆمبیلەکەی من بوو، کە گەیشتینە بەردەرگا بەشارەت ئەمین هەمزەو حەسەن مەولا محمەدی میوانی چاوەروانیان دەکردین بەگەیشتنمان پێشوازیان لێکردین‌و لەژورێکی ماڵەکەدا دانیشتین بۆ ئەوەی دیمانە لەگەڵ بەشارەت‌و حسن مەولادا بکەین هەرچەندە شوێنەکە زۆر نەگونجاوبوو بۆ کاری دیمانە سازی بەڵام بەناچاری هەدرووک دیمانەکەمان لەهەمان شوێن ئەنجامدا . بەشارەت برای حەسیبە ئەمین هەمزەو سەفەر ئەمین هەمزەیە کە بۆخۆی ئەنفالکراوە و بێسەرو شوێنە بەڵام حسیبە هیدایەتی هاوسەریشی وەک حەسیبەی خوشکی ناوی لەهەمان بەڵگەنامەدا هەیە کەوا باس دەکرێت برابن بۆ وڵاتی میسر، چیرۆکی ئەم خانەوادانە گەلێک تراژیدی وئاڵۆزن هەریەکەیان کۆمەڵێک لە ئازیزانیان ئەنفالکراون و هەریەکەیان جگە لەچیرۆکە گشتیەکەی ئەنفال چیرۆکێکی تایبەتی خۆیان هەیە . بەراستی کۆمەڵگای کوردی وکۆی مرۆڤایەتی قەرزداریانە .. زیاتر نارۆم و لێرەوە دەچینە ناو دیمانەکەمانەوە لەتیایدا زۆر وردەکاری دەخوێنیتەوەو هەندێک تەمومژیش لەسەر ئەوئافرەتانە لادەچن کەوا باسدەکرێن براون بۆ وڵاتی میسر بەتایبەتی کاتێک ئەوەت بۆ روندەبێتەوە ئەوانە زۆربەیان دایکی چەندمنداڵێکن و تەمەنیان هەڵکشاوەو زۆربەیان ژنن و کەمینەیەکیشیان کچی منداڵن .. فەرموون لەگەڵ دەقی دیدارەکە .

**ناوی سیانی خۆتم پێ بلێ ؟**

من بەشارەت ئەمین هەمزە

**کەواتە تۆبرای حەسیبەیت ؟**

بەڵێ،حەسیبە ئەمین هەمزە، خوشکمە .

**تەمەنت چەندە ؟**

من مواليدی ١٩٦٩ م

**ئێوەش دانیشتووی نەوجول بوون؟**

بەڵێ هەتا ساڵی( ١٩٨٧ ) لە ناحێی نەوجول نیشتەجێ بووین .

**بۆچی هەتا ساڵی ١٩٨٧ هۆکارێک هەبوو ؟**

ئەی نەیانهێشت وتیان دەبێ چۆڵی بکەن دەیروخێنین.

**واتا نەوجول لەپێش ئەنفالەوە نەماوە؟**

بەڵێ، لەو ساڵەدا وێران کرا .

**کام ساڵە ؟**

١٩٨٧ ساڵێک پێش ئەنفالەکە بوو

**ژیانتان بە چی دەگوزەراند؟**

ئەو کاتە لە نەوجول؟

**بەڵێ .**

هەر بە جوتیاریو ئاژەڵداری.

**بەزۆری چ جۆرە ئاژەڵێکتان بەخێودەکرد ؟**

ئێمە مەردار بووین ڕانە مەڕمان هەبوو .

**چەند کەس لە خێزانەکەتان جگە لە حەسیبە ئەنفال کراوە؟**

"مامۆستا سەفەر" برایەکەم بوو کە خۆی ئەنفالکرا، بە بریارێکی حکومەت کرا بە شەهید. لەبەر ئەوەی هەم پێشمەرگە بوو هەم مامۆستای شۆرش بوو. لەبەرئەوە کرا بە شەهیدی سەنگەر .

**هەر برایەکتو خوشکێکت ئەنفال کرا؟**

بەڵێ. لە خێزانی خۆماندا دوو کەس ئەنفال کراون .

**براکەت هاوسەرگیری کردبوو؟**

بەڵێ. هاوسەرەکەی ناوی "حەسیبە هیدایەت"ە. ئەویش ناوی وا لەو قایمەیەدایە  یەکێکە لەو هەژدە ژنەی وا نێردران بۆمیسر .

**ئەی جگەلە خوشک و براو براژنەکەت، کێیی ترت ئەنفالکراو ؟**

دووخوارزەشمی تێدایە . ( خوارزا بەواتای خوشکەزادێت(

**ناویان چییە؟**

ناویان "نەجیبە حەسەن عەلی"و "شلێر حەسەن عەلی."

**واتا  نەجیبەو شلێریش کە ناویان لەبەلگەکەدا هاتووە کچی حەسیبەی خوشکتن؟**

بەڵێ کچی حەسیبەی خوشکمن.

**ئەی براکەت منداڵی نەبوو؟**

نەوەڵا منداڵی نەبوو.

**هەردووکیشیان ئەنفال کران؟**

هەردوو خێزانەکە ئەنفال کران، ئەمان منداڵیان نەبوو دوو کەس بوون، ئەوانیش نۆسەر خێزان بوون ئەنفال کران .

**دوای ئەوەی نەوجول کرا بە مەعەسکەر، یان ڕووخێنرا.. ئێوە چوون بۆ کوێ دانیشتن؟**

قەرارێک هات بۆ نەوجول، بەرێوبەری ناحییە هەموومانی خڕ کردو بە باوکمانی گوت: (فەرمانمان بۆ هاتووە، ناحییەکە دەبەین بۆ "بنە سلاوە". واتا ئۆتۆمبێلتان بۆ دەهێنین، تەنانەت بۆ گەنمو جۆکەشتان. بەلام بە مەرجێک هەر گوندێکی سەر بە ناحییەکە بمێنێو نەیدۆزینەوە ئێمە دەست کاری ناحییەکە ناکەین) پاشان خەڵکی ناحییەکە ترسانو باوکمو ئەوان چاوەرێی ئەوەیان نەکرد، چونکە ناودێکەش پێشمەرگەی تێدا بوو نەیاندەتوانی برۆن. ئیدی دەنکە دەنکە گوندەکە بێێن بۆ موجەمەع. دوای ئەوە مەسئول ناحییەکەو ئاوایەکە ئۆتۆمبێلی هێناو بردمانیان  بۆ بنە سلاوە. ئیدی خەڵک لە ناحییەکە هەر لە دوای کۆبوونەوەکەی بەرێوبەری ناحییەکە دەستیان پێکرد، هەمووی ئۆتۆمبێلی هێنا. هەتا حوکمەت خاڵی پشکنینی دانابوو، گوێمان پێ نەدەدان. ئۆتۆمبێلمان هێناو دەچووین بۆ ناو خورماتوو .

**واتا ئێوه نەچوون بۆ گوندەکان هاتن بۆ خورماتوو؟**

بەڵی هاتین بۆ دوزخورماتوو هەتا ١٩٨٨. بەڵام حوکمەت وازی نەهێنا فەرع بە فەرع و کۆڵان بە کۆڵان هەر دەگەڕا بەناو شاردا.. ئەوەی خەڵک نەوجول بوایە دەیدۆزیەوە.. چونکە ئەو کات مەسئول حیزب هەبوو موختاری گەڕەک هەبوو..

**مەسئول بلۆک هەبوو ؟**

بەڵێ مەسئول ناوچەیەکی دادەنا سێ سەرۆکی تریشی وە بان ئەوەوە هەبوو. لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەیزانی .

ئیتر ئێمە لێرە لەناو ناوچەی تورکمانەکان دانیشتبووینو حەوشەیەکمان گرتبوو. ئیتر سەرۆکی ناوچەکە ئاگادارمانی کرد.

**ناوی چی بوو سەرۆک ناوچەکە ؟**

وەڵایی ئێستا بە بیرم نایەت.. بەڵام ئێستاش جار جارە دەیبینم ..

**ئەو کەسە کوردە یان عەرەبە ؟**

نەوەڵا تورکمانە .

**چی پێوتن وتی دەبێت بڕۆن یان هەڕەشەی لێکردن ؟**

ئیدی هاتە حەوشەوەو گوتی: (ئێوە چەند خێزانن ؟) ئەوکاتە "عەدنان" برام بوو. مامۆستا "حەیدەر" ئێستا لە صمودە. ( ڕزگاری) لەوانەیە بیناسیت. وە منیش بووم، واتا سێ خێزان بووین. ئیدی مام هیدایەت (خودا لێی خۆشبێت). وەلی مەحمود دەزانی، لەگەڵیدا برادەر بووم. گوتی: (کاکە مادام شتی وا هەیە بۆچی هەر سێ خێزانەکەتان باردەکەن، یەکێکیان بار بکەنو با ئەوانی تر بمێنێت) ئیتر ئێمەش لەناو خۆماندا عەدنان برامان هەڵبژارد. وەڵائیتر بەیانیەکەی لۆریمان بۆ هاوردو برێ کەلوپەلمان هەبوو بارمانکردوو خۆیو ژنەکەیو دوو منداڵی هەبوو لەگەڵ دایکمیشدا. چوون بۆ بنە سڵاوەو تا ئێستاش لە بنە سڵاوەیە .

**ئێستاش لەوێیە؟**

بەڵێ. ئیتر من لێرە مامەوەو تا ئێستاکەش لە شارم، لێرەم .

**ئیتر کە زانیتان براکەتو خوشکەکەت ئەنفال کراون بە منداڵەکانیانەوە.. کەس هەبوو هەواڵیانتان بۆ بهێنێ، بۆ نموونە چۆن گیراون لە کوێ گیراون؟**

وەڵا یەک ئافرەت هەبوو ناوی "نیعمەت وارانی" بوو لەم ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد .

**بەداخەوە...**



ئەو نیعمەتە خۆی خەڵکی وارانی بوو. برایەکی هەبوو ناوی کاک "محسن" بوو ئەویش هەر خەڵکی وارانی بوو. چۆن حیزبی بەعس تەبلیغ ئەو خەڵکەی کردبوو برۆن کەس‌و کارەکانتان بهێنەوە، ئەویش ڕۆیشتبوو براکەی بهێنێتەوە. ئیتر کە ڕۆیشتبوو بۆ لای کاک محسن ئەویش وەک ئەو خەڵکە گیراو ئەنفالکرا . ماڵ سەفەر برامان‌وحەسەنی زاوامان لەو ئاوایییەدا نزیک ماڵ کاک محسن بوون، ئیتر ئەو ئەنفالە پیسە گەیشتبووە بانیان گرتبویانن ئەویشان گرتبوو. ئەو نیعمەت وارانیە نەهاتەوەو ئیتر گرتیان، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ئەنفالیان کرد. ئەوکاتە ئێمە لێرە لەلای مەرکەز شەبابەکە چاوەڕوان بووین کە خێزانەکانمان هاتن هەولێکیان بۆ بدەین و بەریان بدەین چونکە زۆر کەس لە مەرکز شەبابەکە ئازادکران . بەڵام ئەوانیان نەهێنا بۆ مەرکەز شەبابەکە یەکسەر ڕەوانیان کردبوون بۆ تۆپزاوا ئەوە نیعمەت وارانی وتی چونکە ئەو لە تۆپزا بینیبوونیو دوایی کە بەربوو بۆی گیراینەوە.

**چۆن بۆی گێرایتەوە خۆی هات هەواڵتان پێدات ؟**

ناکە هاتەوە من چومە لای ئیتر بۆخۆی باسی کرد ووتی شەش مانگ([1])لەگەڵ حەسیبەی خۆشکت بوومە.

**کەسی ترهەیە بلێت من هەتا ئێستا ٦مانگ لەتۆپزاواماومەتەوە یان کەسی تر هەیە حەسیبەی خوشکت یان هەرکەسێکی تریانی بینیێ ؟**

نەخێر کەسی تر نەبوو.

**حەسیبە مەبەستت خێزانی حەسەن عەلی یە ؟**

بەڵێ هەردوکیان هەردو حەسیبەکە یەکێکیان خوشکمەو ئەوی تریشیان براژنمە.

**حەسیبەی خوشکت جگە لەمێردەکەیو دوکچەکەی تری کێی تریان ئەنفالکراوە ؟**

خۆی و پیاوەکەیو ٧ منداڵیش ئەنفالکراون.

**هەواڵێک هەیە گوایە حسن عەلی مێردی حەسیبە تەرمەکەی لە موصل دۆزراوەتەوە ئایا ئەوە ڕاستە ؟**

دەزانی چۆن بوو، هەرلەلای ئەوکاک عەبدوڵایەی کە بەڵگەکەی لەسەر ١٨ ئافرەتەکە بڵاوکردەوە عەینەن بەڵگەنامەی پیشاندان ناوی حەسن زاوامان‌و ناو کاک ڕەفیق برای کاک نامیق‌و شوکرموساو عومەری حاجی عەلی

---

[1] پێدەچێ بەشارەت بەهەلە لێرەدا ناوی تۆپزاوا لەبری دوبز دەهێنێ چونکە ئەنفالکراوەکان لانی زۆرەکەی هەفتەیەک لە تۆپزاوا دەمانەوە، دوایی دەگوازرانەوە بۆ شوینی تر ئەوانەی بۆ کوشتن بوون بەسەیارەی سەرداپۆشراو ڕەوانەی بیابانەکان دەکران بۆ کۆمەڵکوژی‌و ئەوانەی بۆ دەستبەسەر کردن بوون ڕەوانەی نوگرەسەلمان‌و هەندێکیشیان ڕەوانەی بنکەی سەربازی دوبز کردبوون کە زۆر لەژنە گەرمیانیەکان ماوەی 6 مانگێک لەگەڵ منداڵەکانیان مانەوەو زۆریشیان لەوێ مردن‌و دواتر هێنرانەوە بۆ بانی مەقان .

تێدایە کە هەموویان ئیعدام کراون بەڵگەنامەیەکە عەینەن ئەو بەڵگەنامەیەی موخابەراتە کە ناوی کچەکانی تێدایە. لەبەڵگەکەدا هاتووە پاش لێکۆلینەوەیەکی ورد لەسێدارەدراون .

**لەکوێ ؟**

بەڵگەنامەکە هی موخابەراتی کەرکوکەو لەموصل ئیعدام کراون.

**ئێستا ئەوبەڵگەیە دەست دەکەوێ**

بەڵێ لێرە لەدوز لەلای کاک خەیرولا هەیەو لەلای کاک عەبدولاکەریم یش هەیە.

**حسیبە جگەلە نەجیبەو شلێر کچی تری ئەنفالکراوە ؟**

بەڵێ خۆیو نەجیبەو شلێر ناویان لەبەڵگەنامەکەدایە وا نوسراوە ببرێن بۆ وڵاتی میسر.

**ئەی ئەوانەی تر ؟ ئەگەر ناوەکانیانم پێ بڵێی.**

با لەگەورەکانەوە پێت بلێم.

**فەرموو**

نەجیبە، توران، شلێر، نعمەت، پەروین، غەریبە ئەمانە هەموویان ئەنفالنو نەجیبەو شلیر لەگەڵ دایکیان ناویان لەبەڵگەنامەکەدایە .

**ئەی کوڕ ؟**

کورەکەشیان ناوی بورهان بوو.

**بورهان تەمەنی چەند بوو؟**

تەمەنی ١٨ساڵ بوو، موالیدی ١٩٧٠ بوو، هەر ئەو تاقە کورەشیان هەبوو،

**لەکاتی ئەنفالدا هەموویان پێکەوە بوون، مەبەستم ئەوەیە پێکەوە گیران .؟**

بەڵێ هەموویان لەگەڵ ماڵی هاورێ محمود (مەبەست عەبدولخالق )ە پێکەوە بوونو پێکەوەش چون بۆ ملەسورە.

**واتا خۆیان چوون بۆ ملەسورە ؟**

بەڵێ.

**هەتا ساڵی چەند چاوەڕوانیانت کرد ؟**

هەتا روخانی رژێمیش هەرچاوەڕوان بووین.

**بۆیەکەمجار کە هەواڵی ئەوەتان زانی کەوا ماونو لەبەڵگەنامەیەکدا باسکراون بردویانن بۆ وڵاتی میسر هەستت چۆن بوو .؟**

هەستم چۆن بێت لە ڕاستیدا زۆر زۆرمان پێناخۆش بوو ؟ بەڵام چی بلێین ؟ لەناو ١٨٢٠٠٠ سەدوهەشتاو دوو هەزار کەسدا ناوی ١٨ کەس هەیە و هەرجارنا جارێک شعورمان بریندار دەکەن هەلبەت زۆرناخۆشە چۆن ناخۆش نیە ؟

**واتا بەباسکردنی شعورتان بریندار دەبێ ؟**

بەلێ بەباسکردنەکەی چونکە هەرجارناجارێک باسەکەیان دێتەوە پێشێو دێینو دەرۆێن بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێ ئەگەر ئەنجامێکی هەبێ باشە .

**پێمخۆشە زۆربەڕاشکاوی پێمبڵێی  تۆش حەزت دەکرد خوشکەکەت بێ سەروشوێن بوایەو کەس باسی نەکردنایە یان بەپێچەوانەوە ؟ یان بەمانیان خۆشحاڵیت ؟**

حەزدەکەم پێت بلێم ئەگەرمابن زۆرم پێخۆشەو حەزدەکەم بیانبینینەوە.

**سەرەتاش هەروابووی یەکەمجار .؟**

یەکەمجاریش سەرباری ناخۆشی نوسراوەکەش بەڵام هەر پێمخۆش بووکەماون و حەزدەکەم بیانهێنینەوە.

**تاچەند باوەرت بە ڕاستیو دروستی بەڵگەنامەکە هەیە ؟**

تەزویرەکەی چی یە ؟ ئەوە کۆپیە باشە فەرموو تۆ ئێستا بەس دەزانی ناوم بەشارەتە، جنسێش وا لە گیرفانمە ئەگەر جنسێی منت دەست نەکەوێ ناتوانی کۆپییەکی جنسیەکەی من بکەی، ئەگەر نسخەی ئەصلی نەبێ چۆن کۆپی دەکرێ . دیارە ڕاستە بۆیە کۆپی کراوە.

**کەواتە تۆ پێتوایە بنەمایەکی هەیە ؟**

بەڵێ من باوەرم وایە کەبێ بنەمانیە.

**لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆپییەکی ئەو نوسراوە دەستکەوتو بلاوکرایەوە قسەوباسێکی زۆری لێکراو هەڵای راگەیاندنی نایەوە بەڵام بێدەنگەی لێکرا هەتا ئەو کاتەی دراما مصریەکە ( نیران صدیقە) بلاوکرایەوە بەرای تۆ دراماکە چیمان پێدەڵیت ؟ پێماندەلێت ئەو چیرۆکە راستە ؟**

هەڵبەت راستە ئەگینا چۆن فیلمێک باسی ئەوە دەکات خۆبێ بنەما نیە.

**هەتا چەند بروات بەوەیە هونەرمەندە مصریەکان پشت بە بەڵگە دەبەستن و قسە لەگیرفانی خۆیان دەرناهێنن ؟**

بەخوا بلێمچی ناتوانم هیچ بلێم.

**تۆ وەکو بەشارەت وەک برای یەکێک لەو ژنانە هەتا چەندە رازی لە ڕاگەیاندنی کوردی پێشتر باسی ئەوەت کرد کە هەستمان بریندار دەکەن ؟**

ئێمە باسێکمان دەوێ سودێکی هەبێ، ئەگەر شتێک سودی نەبێ بۆچی باس بکرێ ؟

**باشە موخابەراتی کەرکوک و پیاوانی بەعس نوسیویانە ئەوکچانە ئامادەن بیانێرین بۆ نادیو مەلهاکانی میسر دەشێت منی راگەیاندنی کوردیش هەمان زمان بەکاربهێنمەوە ؟ بەهەمان شێوە شعوری تۆ بشکێنم ؟**

راستە دەبوایە راگەیاندن بەشێوەیەکی تر باسی ئەوەی بکردایە.

**هەتا چەند گەشبینی بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی خوشکو خوشکەزاو کەسوکارەکانی ترتان ؟**

ئێستا لیژنەیەکی باشیان دروستکردووەو هاوڕێ مەحمودیش نوێنەری ئێمەیە لەو لیژنەیە، ئێمە ئەمجارە وازناهێنین بابزانین حکومەتەکەمان چیمان بۆدەکات.

**بەچی لیژنەکە دڵخۆشن ؟**

بۆیەکەمینجارە حکومەت لیژنیەکی ئاوا پێکبهێنێ لە ساڵی ٢٠٠٣ وە ئەم کێشەیە هەیە حکومەت لیژنەیەکی ئاوای پێکنەهێناوەو نوێنەرێک لە خۆمانو نوێنەرێک لەحکومەت وا لە میسرەو بەجدی ئیشی بۆ دەکات .

**خوشکەکەت لەخۆت گەورەترە ؟**

بەڵی حەسیبە لە هەموومان گەورەترە.

**موالیدی ١٩٥١.**

بەڵام لەبەلگەکەدا واهاتووە کە تەمەنی ٢٩ ساڵە . لەوکاتەدا تەمنی نزیکەی ٣٧ ساڵ بووە.

ئەوەش راستە بڵێم چی نازانم.

**هیچ نیشانەیەک هەیە پێی بیناسرێتەوە ؟ مەبەستم (علاماتی فارقە) . شتێک هەیە کە بیبینی بیناسیتەوە تێپەرینی کاتو گۆرانی جەستەیی نابێتە هۆی نەناسینەوەی ؟**

بەڵی دلنیام دەیناسمەوە هەمیشە شەو رۆژ شێوەی ها لەبەرچاوم.

**مەبەستەکەم رونتر بکەمەوە بێجگە لەوەی کە بە فحصی دیئێن ئەی دەناسرێنەوە شتێکی تر هەیە وەک نیشانە بەخوشکەکەتەوە بۆنمونە خاڵێک بەسەر روخسارییەوە یان بەسەرجەستەیەوە ؟**

هیچ نیشانەیەک نیە بەڵام دلنیام دەیناسمەوە.

**مەبەستم ئەوەیە سبەینێ نەیارانی ئەم دۆسێیە سیناریۆمان بۆ دروست نەکەن بێن بڵێن کچی کوردمان دۆزیوەتەوەوخەڵکێکی ترمان بۆبهێننودوایش وادەرنەچێ بەونیازەی جارێکی تر نەوێرین ئەم باسەبکەینەوەو نەوێرین بەدوای ئافرەتەکانمان بکەوین(**[2]**).**

---

[2] رۆژێک دوای ئەو پێشبینیەی من هەواڵی ئەوە بلاوکرایەوە کە بازرگانێک کچەئەنفالکراوەکانی لە وڵاتی میسر دۆزیوەتەوە، ئەوکاتەی لەلایەن هاورێ محمودی کفریەوە کەبرای یەکێک لەو کچانەیە زەنگم بۆکرا بۆئەوەی هەواڵی دۆزینەوەیانم بداتێ لەگەڵ نازم برای یەکێکی تر لەکچەکان لە رزگاری لەدیدیداردا بووم، لەبەرئەوە وەلامی زەنگی یەکەم و دووهەمم نەدایەوە بەلام لەسێهەمجاردا داوای روخسەتم لە نازم کردوو ڤیدیۆکەم راگرت وەلامم دایەوە هاورێ مەحمود بەکەیف خۆشییەوە وتی کچەکانمان دۆزرانەوە . کەپرسیم کێ دۆزینیەوە وتی بازرگانێک هەستمکرد سیناریۆیەک لەگۆرێییە بەلام نەمویست

ئەوەش راستە قسەکانت جوانە.

**ئەوسورەت قەیدانەی لەبەردەستن ئەوانە راستن؟ مەبەستم ئەوەیە بلێم حسیبەو نەجیبەو شلێر خوشکو خوشکەزای تۆن ؟**


بەڵێ ئەوانە ناویان لە سورەت قەیدەکەو لە بەڵگەنامەکەشدایە خوشک و خوشکەزاکانی منن.

بەڵام جیاوازی تەمەن زۆرە لەنیوان تەمەنیان لە سورەت قەیدەکان و تەمەنیاندا لەناو بەڵگەنامەکەدا ؟

هەیانە وەڵا بڵێم چی ؟

**هیچ وێنەیەک یان یادگاریەکی خوشکەکەت لەلایە ؟**

نا نیمە یەک وێنەی هەیە بیدۆزمەوە گەورەی دەکەمەوەو پێت دەدەم.


ع مجاناً
صورة قيد التسجيل العام لسنة ١٩٥٧
وزارة الداخلية ـ مديرية الجنسية العامة
مديرية / دائرة
٦٢٨٤٦٤٧
ط ١
(أ)
السجل ........ الصحيفة ........
المحافظة ........ القضاء ........ الناحية ........
الاسم | اللقب | اسم الأب | اسم الجد الصحيح | اسم الأم | المهنة أو الحرفة | الدين أو المعتقد | تاريخ الولادة: رقماً، كتابة | سند تاريخ الولادة | محل الولادة: الناحية، القضاء، المحافظة | العاهات الجسمية الظاهرة | الحالة الزوجية | رقم الهوية وتاريخه | رقم دفتر النفوس وتاريخه | تاريخ السجل
التصحيحات والتأشيرات المثبتة في السجل المدني
العدد :
التاريخ
الى /
أعلاه صورة القيد المطلوبة بكتابكم المرقم ........ في ........
للتصرف رجاء
توقيع المنظم ........
اسمه الكامل ........
توقيع رئيس الدائرة
اسمه الكامل ........
ختم الدائرة ........

**دەڵێن حەسیبەو حسن عەلی و منداڵەکانی خانەوادەیەکی زۆر سەرنج راکێش بوون لە خۆشەویستی یەکتریدا .؟**

بەڵێ ئەوە راستە یەکتریان زۆر خۆشگەرەک بووە ئەوە هاوڕێ مەحمود دەیگێڕێتەوە کە لە قولیجان داوای لە حسیبەکرد بوو بابورهان لەگەڵ ئێمە بێت چونکە تەسلیم نابینەوەو ئێوە دەچن تەسلیم حکومەت دەبنەوە با کورەکەت نەفەوتێ تەمەنی ١٨ ساڵە و گەورەیە بەلام حسیبەی خوشکم ووتبووی نابەخوا ناهیلێم بادەستی هەر بەدەستی خۆمەمەوە بێت کەچی ئەوەتا ئاوایان پێهات هەریەکەیان بۆ شوێنێک بران‌و چارەنوسیان ئاوای پێهات . لەمبارەیەوە هاوڕێ مەحمود قسەکەی بەشارەتی پشتڕاستکردەوەو بۆی گێرامەوەو بەکامێرای ڤیدۆ تۆمارکراوە.

**هەموویان بەیەکەوە گیرابوون ؟**

بابزانیت حەسیبەی براژنم کە خێزانی سەفەری برام بوو، لەگەڵ حەسیبەی خوشکم هەردوکیان لە گوندی وارانی لەیەک حەوشدابوون و پێکەوە دەژیان و هەرپێکەوەیش گیران .

**سێ کەس لەو (١٨) کچە خەڵکی نەوجول نین کەسوکاریشیان ناناسن ؟**

نەخێر کەسیان ناناسین.

**لەکۆتایدا چیت هەیە بیلێیت ؟**

هیچم نەماوە سوپاست دەکەم.

**شتێک کەبەبیری مندا نەهاتبێ‌و خۆت حەزبکەی بیلێیت ؟**

هیچم نەماوە سوپاس

قایلی ئەوەی لێرەدا تۆماری دەکەین بلاوی بکەمەوە ؟ یان هەلیگرین بۆ مێژوو جارێ بلاوی نەکەینەوە ؟

وەلا منیش لەگەڵ ئەوانی تردام هاوڕێ مەحمودوئەوان چیان کردو چییان ووت منیش هام لەگەڵ ئەماندا بلاویان کردەوە بلاوی بکەرەوە وام لەگەڵ ئەواندا .

---

دلی هاوڕێ مەحمود ناخۆش بکەم تەنها ئەوەندەم گووت جارێ پەلەمەکەن بازرگان بێت جێگەی بروا نیە .. کاک نازم شاهیدیم بۆ دەدات کەوتم کی دەڵێت ساختەچییەکی وەک روژدی جاف نیە . تکایە پەلە مەکەن .

**من ریز لەتۆو لەکارەکەی خۆم دەگرم دەمەوێ رای هەرکەسێک وەربگرم لە بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەی**
شکور قسەکانت زۆر ریک وپێک بوون و پرسیارەکانت زۆر جوان بوون، بەڵێ خۆت ئازادبە بڵاوی دەکەیتەوە یان ئەیدەی بەتەلەفزیون ئەوە خۆتیش ئازادبە و قایلم بڵاو ببێتەوە.

**زۆر سوپاس**

بەخێربێن بان هەردوچاوم